## کاک جەزا: د محمود راست دەکا. . . بێستون بەرواری

بەرێز جەزا لە نوسینێکی دا گللەیی لە د. محمود عوسمان دەکا کە ئەوەیان لە سمینارێکدا گوتی ئەوانەی دورن دژی رەشنوسی دەستوری عیراقن. پێش ئەوەی نوسراوەکە بخوێنم وا تێگەیشتم کاک جەزا د. محمودی نەدیوەونایناسێت بویە ئەوقسانەی لای سەیرە، بەلام د. محمود راستی کردووە چونکە ئەو دەزانێ ئەوانەی دورن (دورن لەبەرژەوەندی کەسایەتی و چاویان لە دەستی دەستهەلاتداران نیە) بویە بە دلسوزی بیر لە بەرژەوەندی گەلی کورد دەکەن و راستیەکان دەخەنە روو. د. محمود خوشی کە دورە (لەدەرەوەیە) نەك تەنیا رەخنە لە پارتی ویەکێتی دەگریت بەلکو لە هەر دەرفەتێکدا سوکایەتیشیان پێ دەکات. د. محمود لە زووەوە دوزمانی وچەند هەلوێستی کردووە پیشە. خوی دەستە راستی بارزانی بوو لە شورشی ئەیلول تاشورش نەرووخا کەس گللەییێکی د. محمودی گوێ لێنەبوو هەرکە شورش رووخا محمود عوسمان نامیلکەی نووسی و هەمو وەبالەکەی خستە سەر شەخسی بارزانی. چەندین جار بەگوێی خوم لە زمانی محمود عوسمان بیستووە دەلێ تا بنەمالەی بارزانی ومام جەلال هەبن کورد بە هیچ مافێکی ناگات. کاتی کوورەوەکەی ئادار دکتور لە شام بوو زور دژی گوفتوکوی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بوو لە گەل رژیمی بەغدا وچوونی وەفدەکەی بو بەغدا بە خراپتری دادەنا بەلام هەرکە خوی گەرایەوە کوردستان زوزو بوو بە ئەندامی وەفدەکەو چەند مانگ لە بەغدا دەمایەوە. سالی 1992 د. محمود زور بە گەرمی بەشداری هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بوو وخوی بو پوستی سەروکی بزوتنەوەی کوردی کاندید کرد بەلام کە ئەنجامەکان راگەیێندران هەربە رێگایەوە بو لەندەن دەستی کردە رەخنەوهەرەشەو سوکایەتی دژی هەموو هەلبژاردنەکە.

کاکی دکتور روژێك ئەندامی کونگرەی نەتەوەیی کوردە وروژێك ئەندامی پەرلەمانی عیراقی یەکگرتووی پیروزە. بەداخەوە کەسانی وەکو د. محمود بە روشەنبیر و سیاسەتمەداری بێلایەنی کورد لە قەلەم بدرێن، وەکو زور لە زورناچی و ماستاوچیی سەردەم کە بەراستی سەریان لەو خەلکە شێواندووە و وایان کردووە کورد بروا بە روشنبیرانی دلسوزیش نەکات. د. محمودئەو روشنبیرەیە کەبێقیمەتبوونی دیباجە لە دەستورێك دا نەزانێت وئەوجا برگەکان بە دلی خوی تەفسیر بکات. براعیراقیەکانتان لە دەققی رەوان پاشگەز دەکەن جا دلمان بە تەفسیری تو خوش کەین؟؟

کاك جەزا بەلێنت دەدەمێ کاکی دکتورمان لە ئایندەی نزیك زیاتر لە من وتو دژی دەستور ودژی عیراقچیەتی قسە بکات، بەلام لە دوورەوە.

سوێد 2005/9/16